# Das Hamburger Bildungspaket

Hamburg

**منداڵەکان، مێرمنداڵەکان و گەورەساڵانی شاری هامبورگ دەتوانن لە خزمەتگوزاری خوێندنی باڵا و بەشداریکردن لە کۆی بەرنامەکە (BuT) کەڵک وەرگرن.**

**ئێوە یان تا ئێستا پێتان گەیشتووە یان مافتان هەیە کە هەتانبێت ...**

- خزمەتگوزاری بەپێی یاسای SGB II (پارەی بێکاری II یان پارەی سۆشیال/ یارمەتی کۆمەڵایەتی)
- خزمەتگوزاری بەپێی یاسای SGB XII (یارمەتی کۆمەڵایەتی یان یارمەتی بنچینەیی)
- خزمەتگوزاری لە چوارچێوەی یاسای یارمەتیکردنی پەنابەران
- پارەی نیشتەجێبوون
- یارمەتیکردنی منداڵان بەپێی یاسای فێدراڵ بۆ یارمەتی منداڵان

**لەدوایە** ئێوە یان منداڵەکانتان دەتوانن ئەم یارمەتیانەی دیکەشتان پێ بگات:

- **گەڕان و سەیران و گەشت لەگەڵ کیتا، ژەمی نانی نیوەڕۆی پێداگۆگەکان لە باخچەی منداڵان یان قوتابخانە**
  خەرجی ئەمانە بەتەواوی دەدرێن. پارەی گیرفانی منداڵان قەبووڵ ناکرێت.
- **پێداویستییەکانی خوێندکارەکان بۆ قوتابخانە**
  بۆ پێداویستیەکانیان لە قوتابخانە، مندالانی خوێندکار، پرە یارمەتییەکی ماڵی لە بری 100ئۆیرۆ لە ساڵ دا پێیان دەدرێت، لە سەرەتای دەستپێکردنی قوتابخانە دا 70 ئۆیرۆ و لە فێبروار دا 30 ئۆیرۆ.
- **هاتووچۆ بۆ قوتابخانە**
  خەرجی هاتووچۆی منداڵان بۆ قوتابخانە لەلایەن دەوڵەتەوە قەبووڵ دەکرێت. ناملکەی ڕێوشوێنی هاتووچۆی هامبورگ بۆ یاسای بلیتی هاتووچۆی منداڵانی خوێندکار بۆ قوتابخانە باوەڕپێکراوە.
- **ژەمی نانی نیوەڕۆ لە کیتا، ژەمی نانی نیوەڕۆی پێداگۆگەکان لە باخچەی منداڵان یان قوتابخانە**
  خەرجی ژەمی نانی نیوەڕۆ بۆ ئەوانەی شایانی یارمەتی BuT ن بەخۆڕاییە. ژەمی نانی نیوەڕۆ لە باخچەی منداڵان بۆ هەموو منداڵان لە هامبورگ بەخۆڕاییە.
- **سەرپەرەشتی خوێندن و فێربوون**
  خوێندکارانی کچ و کوڕ هەموو لە دوای تەواوبوونی کاتی قوتابخانە، سەرپەرەشتی خوێندنیان بەخۆڕایی پێدەگات، ئەگەر پێکانی ئامانجی قوتابخانە بۆ گەیشتن بە پلەیەکی تایبەتی فێربوون لە مەترسی دا بێت.
- **فەرهەنگ، موزیک، وەرزش و کەلوپەلی پێویست بەم چالاکیانە**
  خەرجی ئەندامەتی و بەشداریکردن مانگانە 10 ئۆیرۆیە بۆ هەموو چالاکیە فەرهەنگیەکان، موسیقا یان چالاکیە وەرزشییەکان، بۆ کاتی بەتاڵ یان خەرجی کەلوپەلی پیویست بە هەرکام لەم چالاکیانە کە دابین دەکرێت.

**ڕێنمایی تایبەتی بۆ پارەی نیشتەجێبوون یان پارەی منداڵان:**

تکایە پێش داواکردن بۆ ئەم خزمەتگوزاریانە، نوێترین زانیاری لەسەر پرە یارمەتی پارەی نیشتەجێبوون یان پارەی منداڵان بۆ نووسینگەی یارمەتییە بنچینەییەکان و کۆمەڵایەتییەکان یان ناوەندی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بنێرن.

**لەکوێ داوای ئەم یارمەتییانە دەبێ بکەن؟**

بۆ داواکردنی یارمەتی **فەرهەنگی، موزیک و وەرزش** دەبێ داواکارییەکانتان لەژێر داواکاری پەسەندکردن یان داواکاری کورت بۆ دابینکەری بەرپرس بەڕێ بکەن. ئەگەر دەتانەوێ داوای پرە پارەی پیویست بۆ کڕین یان بەکرێگرتنی **کەلوپەلی** پێویست بە هەر

# Das Hamburger Bildungspaket

Hamburg

چالاکییەک بکەن، پێویستە داواکارییەکی جیا لەگەڵ داواکارییەکی دیکەتان بۆ دابینکەری بەرپرس بۆ ناوونیشانی Bezirksamt Eimsbüttel, Bildung und Teilhabe – Abrechnungsstelle, Grindelberg 62-66, 20144 Hamburg بنێرن.

پارەتی بۆ **پێداویستییەکانی قوتابخانە** بەپێی یاسا یەکسەر دابین دەکرێن. ئەگەر منداڵەکەتان تەمەنی ژێر 7 ساڵە یان سەروی 15 ساڵە یان ئەگەر ئێوە پرە یارمەتی نیشتەجێبوون یان پارەی منداڵان وەردەگرن، دەبێ پێشتر داوای ئەم یارمەتییە بکەن لە نووسینگەی بەرپرس لە ناوچەکەی خۆتان لە:

- ناوەندی کار (بۆ داواکارانی شیاو بەپێی یاسای SGB II)
- نووسینگەی یارمەتییە بنچینەیی و کۆمەڵایەتییەکان یان ناوەندی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتییەکان لە نووسینگەی دەوڵەتی ناوچەکەی خۆتان (بۆ داواکارانی شیاو بەپێی یاسای SGB XII یان AsylbLG و هەروەها بۆ ئەوانەی پارەی نیشتەجێبوون و پارەی منداڵان وەردەگرن).

ڕاستەوخۆ لە قوتابخانە داوای ئەم یارمەتییانە بکەن:

- **ژەمی نانی نیوەڕۆ لە قوتابخانە**
- **سەرپەرەشتی خوێندن**
- **خەرجی هاتوچۆی قوتابخانە**

بۆ خەرج و تێچووی **گەشتی یەک ڕۆژە و گەشتی چەند ڕۆژە** لەگەڵ کیتا، ژەمی نانی نیوەڕۆی پیداگۆگەکان، لە چوارچێوەی سەرپەرەشتی باخچەی منداڵان یان لەگەڵ قوتابخانە دەبێ ئەم ڕێکخستنە لەسەر فۆرمێک پشتراست بکەنەوە. لەدوایەش دا ئەوە بۆ نووسینگەی بەرپرس بەرێ بکەن. **تایبەتی:** داواکارانی شیاو بەپێی یاسای SGB II داواکارییەکانیان بۆ گەشتی یەک ڕۆژە هەمیشە ڕاستەوخۆ بۆ ناوونیشانی Bezirksamt Eimsbüttel, Bildung und Teilhabe – Abrechnungsstelle, Grindelberg 62-66, 20144 Hamburg بنێرن.

بۆ **ژەمی نانی نیوەڕۆی بەخۆرایی** لە ناوەندی باخچەی منداڵان لە کیتا، ژەمی نانی نیوەڕۆی پێداگۆگەکان یان لە باخچەی منداڵان تکایە داوای کۆپینی کیتا بکەن لە نووسینگەی دەوڵەتی (بێتسیرک ئامت) ناوچەکەتان.

**زانیاری زیاتر لێرە وەردەگرن**

- لە قوتابخانەکان
- لە سەر ئەم ماڵپەرە [www.hamburg.de/bildungspaket](www.hamburg.de/bildungspaket)
- یان لە ڕێگای خزمەتگوزاری تەلەفۆنی هامبۆرگ، تەلەفۆن: 040 - 428 280